# کەسایەتیی (بۆداق سوڵتان) لە دیدی مێژووەوە

پ. د. کەیوان ئازاد ئەنوەر
(زانکۆی سلێمانی- بەشی مێژوو)

( ٢- ٢ )

**کەسایەتی (بۆداق سوڵتان) و سەردەمەکەی**

(بـۆداق سـوڵتان کـوڕی شـێرە بـەگ)، سـاڵی (١٠١٧ک/١٦٠٧ز) لـە گونـدی (نەعلەبـن) (٤٣) لەدایکبـووە (٤٤) و سـاڵی (١١٠١ک/١٦٩١ز) لـە شـاری (سـابڵاخ) کۆچـی دوایـی کـردووە (٤٥)، واتــە ئـەو لەنێـوان سـاڵانی (١٠١٧- ١١٠١ک/ ١٦٠٧- ١٦٩١ز)دا ژیاوە. (بۆداق)یش، کە ناوی ئـەو بـوو، لـە وشـەیەکی تورکـی وەرگیـراوە، بەمانـای لقـی درەختـی بـەردار دێ و نـاوی جـۆرە گوڵێکـی سـپی بۆنـدارە، دیارە ئـەوەش حاڵەتێکی ئاسایی بـوو، کـە سـەردارێکی کـورد ئـەو نـاوەی هەبێـت (٤٦)، چونکـە لـەو دەمـەدا زۆربـەی ناوەکانـی تاکـی کـورد بـە هـەردوو ڕەگـەزی نێـر و مـێ، (عەرەبـی)، یـان (فارسـی و تورکـی) بـوو.

(بـۆداق سـوڵتان)، سـاڵی (١٠٣٨ک/ ١٦٢٩ز)، دوای کۆچـی دوایـی باوکـی (شـێربەگ) گەیشـتە پایـەی فەرمانڕەوایـی موکریـان (٤٧)، بـەو پێیـەش لـە سـەردەمی میرنشـینە کوردییـەکان و لـە دەسـەڵاتەکانی ئـەو دەمـەدا، دەسـەڵات لـە باوکـەوە بۆ کـوڕ و لەنێـو کوڕەکانیشـدا بـۆ کـوڕی گـەورەی دەمایـەوە، لەبـەر ئـەوە (بـۆداق سـوڵتان) بـووە شـوێنگرەوەی باوکـی (٤٨). دیـارە ئـەو هـەر لـە تەمەنـی (٢٠) سـاڵییەوە لە پشـتی باوکـی و هاوکار و پشـتیوانی بـوو، هـەر بۆیـە کاتێـک باوکـی کۆچـی دوایـی کـرد، ئەزموونـی دەسـەڵاتداری هەبـوو (٤٩). سـەرەتا لـە گونـدی (نەعلەبـن) نیشـتەجێ بـوو،

پاشـان (سـابڵاخ)ی کـرده مەڵبەنـدی دەسـەڵاتی خـۆی و مەڵبەنـدی ناوچـەی موکریـان (٥٠). بـە بۆچوونـی (سـاڵح قەفتان)یـش (بـۆداق سـوڵتان) هەمـان (میـر بـۆداق بەگـی بەبـە)، نـەوەی (میـر ئەبـداڵ بەگـی بەبـە) بـووە، کـە توانـی دەسـتی بگاتـە ناوچەکانی لاجانـی خێڵـی زرزی و سـیوەی میرنشـینی سـۆران و سـەڵدوزی قزڵباشـەکان و دەسـەڵاتێکی خۆجێیەتـی تێدا دابمەزرێنێت، دواتـر دەسـەڵاتی بگاتـە چەنـد ناوچەیەکـی شـارباژێڕی باشـووری کوردسـتان (٥١).

(بۆداق سـوڵتان) میرێکـی ناسـراوی بنەماڵەکـەی بـوو، کـە نازنـاوی (بابا میـری) پـێ بەخشـرا. ئـەو پێشـەوایەک بـوو، کـە نەتەوەکـەی لـە ناوچـەی موکریـان هەسـتانەوە و بـە زیرەکـی و لێهاتوویـی خـۆی ڕووی لـە ئاشـتی کـرد و لـە شـەڕ و ململانـێ بـێ ئەنجامـەکان دوورکەوتـەوە، تەنانـەت هەوڵـی نەهێشـتنی ئاژاوە و پەشـێوی دا و ئاسایشـی هێنایە دی (٥٢). لـەم بـوارەدا توانی بەهـۆی ڕێکەوتن لەگەڵ دەوڵەتـی سـەفەوی ڕازییـان بـکات، تـا سـەربەخۆیی ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی وەک میرنشـینێک بەڕێـوە ببـات، ئـەوەش دوای ئـەوەی لـە بەرانبـەر پێدانـی بـاج و خـەراج بـە سـەفەوییەکان ڕازی بـوو، تـا دەسـت وەرنەدەنـە کاروبـاری ناوخۆیـی. بەهـۆی ئەوەشـەوە توانـی کاروبارەکانـی ناوخـۆی ڕێـک بخـات و ئاسـایش بـەدی بهێنـێ و دەسـتی ئاوەدانی بگەیەنێتـە ناوچەکـەی (٥٣). ئـەو سیاسـەتەشـی لـەوەوە سـەرچاوەی گرتبـوو، کـە ئەگـەر ململانێکانی لەگـەڵ هێـزە ناوخۆیـی و ناوچەییـەکان و بەتایبـەت سـەفەوییەکان، بـەرەو شـەڕ ببـات، دواجـار ئـاژاوە و پەشـێوی دەخاتـە وڵات و زەمینـەی کوشـتارگەلێکی خوێنـاوی دەڕەخسـێنێت، بۆیـە خـۆی لـەو لایەنـە بـە دوورگـرت و ڕووی لـە ئاشـتی کـرد، تـا بـە هۆیـەوە زەمینـەی ئاوەدانـی فەراهـەم بـکات، هـەر ئـەوەش وای کـرد هۆزەکانـی (ئاکۆیـان، بڵبـاس، ئـالان) ڕووی تـێ بکـەن و لـە دەوری کۆببنـەوە و پشـتیوانی لـە هەنگاوەکانـی بکـەن (٥٤).

سـەبارەت بـە دەسـەڵاتی (بـۆداق سـوڵتان)یش، ئـەوە لـە باشـووری میرنشـینی ئـەردەڵان بـوو، کـە لەلایـەن شـاکانی ئێرانـەوە نازنـاوی (خان)یـان پـێ درابـوو، مەڵبەندەکەشـیان شـاری (سـنە) و لـە ناوچەکانـی (هەورامـان، مەریـوان، بانـە، سـەقز) دەسـەڵاتیان هەبـوو. لـە خۆرئـاواش میرنشـینی بابـان هەبـوو، کـە دەسـتیان بەسـەر ناوچەکانـی (پشـدەر و شـارباژێڕ)دا گرتبـوو و نازنـاوی (پاشـا) یـان لەلایـەن سـوڵتانەکانی عوسـمانییەوە پـێ درابـوو، هەروەهـا میرنشـینی سـۆرانیش هـەر لـە بـەرەی خۆرئاوایـان بـوو، کـە نازنـاوی (میر)یـان لەخۆیـان نابـوو و لەلایـەن عوسـمانییەکانەوە بـە (بـەگ) ناسـرابوون و مەڵبەندەکەشـیان شـاری (ڕەوانـدوز) بـوو (٥٥). خـۆ ئەگـەر بەراوردێکـی زانسـتی بـۆ کەسایەتییەکەشـی بکەیـن، ئـەوە کەسـایەتی و پێگـەی ئـەو لـە ئاسـت پێگـە و کەسایەتی میرەکانـی ئـەردەڵان و بابانـدا بوو (٥٦)، بـەڵام نـاوی دەسـەڵاتەکەی میرنشـین نەبـوو.

## کار و دەسکەوتەکانی بۆداق سوڵتان

بەپێـی ئەزمـوون و ڕەوتـی ڕووداوەکانـی مێـژووی کـورد، زۆربەی فەرمانڕەوا و کەسـایەتییەکانی بەوە ناسـرابوون، کـە لـە مـاوەی دەسـەڵاتیاندا، کاریـان بـۆ ئاوەدانـی و پێشخسـتنی فەرهەنگـی گونـد و شـارۆچکەکانی سـنووری قەڵەمـڕەوی خۆیـان کـرد، ئـەوەش هـەر لە دروسـتکردنی باڵەخانە بەشـێوازی هونەریـی جـوان، تـا بـە دورسـتکردنی مزگـەوت و خوێندنگـەی ئایینـی لـە مزگەوتـەکان دەگات (٥٧). بـەو پێیەیـش کۆمەڵگـەی کـوردی لـەو سـەردەمەدا لـە تاکـی خێڵـەکان پێکهاتبـوو، کـە ئەوانیـش لـە

بنەماڵـە دەسـەڵاتدارەکان و بـازرگان و کاسـبکار و کارمەنـدی بچووکـی دامـەزراوەکان و پاسـەوان و پیاوانـی ئاییـنـی و جووتیـار و زەحمەتکێشـەکان پێکهاتبـوون (٥٨)، لـەو چوارچێوەیەشـدا (بـۆداق سـوڵتان) وەک یەکێـک لـە میـر و کەسـایەتییە دیـار و ناسـراوەکانی مێـژووی کـورد لـە مـاوەی دەسـەڵاتیدا، چەنـدان کاری ئاوەدانـی و فەرهەنگـی جێبەجـێ کـرد. لـەو نێوەندەشـدا نەخشـەی شـاری (ساوجبولاق- سابەلاخ)ی داڕشـت، کـە ئـەو کات گوندێکـی بچـووک بـوو، تـا بکرێتـە شـار و بیکاتـە پێگـەی دەسـەڵاتەکەی. مزگەوتێکـی گەورەیشـی لـە سـاڵی (١٠٨٩ک/ ١٦٧٨ز) دروسـت کـرد، کـە بـە (مزگەوتـی سـوور) ناسـرا (٥٩)، مزگەوتێـک سـەرباری ئـەوەی خواپەرسـتیی ئایینـی تێـدا بـێ، نوێـژی هەینیشـی تێـدا بکرێـت و وتـاری هەینیشـی تێـدا بخوێنرێتـەوە.

دیـارە نەدەبـوو شـار و مەڵبەنـدی دەسـەڵاتەکەی، بـێ مزگەوتێکـی گـەورە بێـت، کـە بـە (جامـع) ناسـرابوو، بەتایبـەت لـەو سـەردەمەدا کـە ناوچەکە و خـودی کۆمەڵگـەی کـوردی، تەنانـەت ئێرانـی و عوسـمانیش کۆمەڵگەیەکـی ئایینـی گـەورە بـوون و هەریـەک لـە ئاسـت خۆیـەوە بانگەشـەی بـۆ ئایینـی ئیسـلام و ئایینـزای خـۆی دەکـرد، هـەر بۆیـە ئـەو کارەی (بـۆداق سـوڵتان) لـە ئاسـت سـەردەمەکەدا، وەڵامی واقیعی ڕۆژ و کۆمەڵگەکەی بـوو، کاتێکیـش گەورەیـی ئـەو کارەی دەرکـەوت، کـە لەنـاو (مزگەوتـی سـوور)دا خوێندنگەیەکـی دامەزرانـد (٦٠)، تـا ببێتـە مەڵبەندێکـی پـەروەردە و فێرکردنـی دیـاری ناوچەکـە، ئـەوەش لەسـەر ئەو باوەڕەی، کـە حوجـرە لـەو ڕۆژگارە و سـەردەمانی پێشـتر و دوای هاتنـی ئایینـی پیـرۆزی ئیسـلام، تەنانـەت دواتریـش، لـە کوردسـتان تاکـە دەزگـەی خوێنـدن و ڕووناکبیـری بـوو (٦١).

لـەوەش زیاتـر بەپێـی چەنـد تۆمارێکـی مێژوویـی لـەو حوجرەیـەدا وەک سـەرجەم حوجرەکانـی تـر، سـەرباری زانسـتی فێربـوون و خوێندنـەوەی قورئانـی پیـرۆز و فەرموودەکانـی پەیامبـەری ئیسـلام (د.خ)، زانسـتەکانی (کـەلام، بـاوەڕ، مەنتیـق، ڕەوانبێـژی، ڕێزمانـی عەرەبـی، زانسـتی وتاربێـژی، وتـاردان) دەوترایـەوە (٦٢)، بـەدەر لەوانـەش خوێندنگەکـە بـووە مەڵبەندێکـی زانسـتی ئیسـلامی، کـە چەنـدان فێرخـوازی بـۆ لای خـۆی ڕاکیشـا. بـۆ ئەوەیـش کارئاسـانی بـۆ مامۆسـتا و فێرخـوازان بـکات و زیاتـر ئاسـتی زانسـتییان بـەرز بکاتـەوە، کتێبخانەیەکـی باشـی تێـدا دامەزرانـد و بەشـێکی بـۆ لەبەرگرتنـەوەی نووسـین و دەستنووسـەکان کـردەوە، تەنانـەت فێرخوازەکانـی بـە باشـترین شـێوە خزمـەت کـران، خـودی خوێندنگەکـەش فرۆشـگەیەکی باشـی تێـدا بـوو تـا پێداویسـتییەکانی فێرخـوازان دابیـن بـکات (٦٣).

سـەبارەت بـە شـێوەی ئەندازەیـی و بیناسـازی مزگەوتەکـە بـە ئاسـتێک بـوو، کـە تـا ئەمـڕۆش گەورەیـی هونـەری بیناسـازی پێـوە دیـارە (٦٤). لـە تەنیشـت مزگەوتەکەشـەوە تەلارێکـی بـۆ دەسـەڵاتەکەی و چەنـدان خانـووی بـۆ خـۆی و کەسـە نزیکەکانی و دەسـت و پێوەنـد و بـازرگان و کاسـبکار و پیشـەوەرانی بازاڕ دروسـت کرد، لەگەڵ بازاڕێکـی گـەورە بـۆ شـارەکە، تـا کاری مامەڵـە و ئاڵوگـۆڕی کاڵا و پیشـەکانی تێـدا بکرێـت (٦٥). بێجگـە لـە بایەخـدان بـە بزووتنـەوەی ئاوەدانـی و فراوانکردنـی کاری بازرگانـی و بەهێزکردنـی بـواری کشـتوکاڵ، لـەو بوارەشـدا دەسـتی جووتیارانـی گـرت و ئەوانـەی خـاوەن زەوی نەبـوون، زەوی پێـدان (٦٦). چەنـد پرۆژەیەکـی ئاودێـری و پردێکـی بەهێـز و پتـەوی دروسـت کـرد، کـە پردەکـەش تـا ئێسـتا شـوێنەواری مـاوە، هەروەهـا

پردێکـی تـری لەسـەر ڕووبـاری (تەتهـو) لـە نزیـک شـاری (میانـدواو) دروسـت کـرد. بەهـۆی ئـەو کارانەشـەوە (سـابڵاخ) بـووە پێگەیەکـی بازرگانی نێوان ناوچەکانی (ئێران و ڕووسیا) و ویلایەتەکانـی عوسـمانی لـە (ئانـادۆڵ و عێـراق و شـام) (٦٧)، بێجگـە لـە (دوو) پـردی دی (٦٨). بێ لـەو کارانـەش فەرمانـی لێدانـی کارێزێکـی بـۆ شـارەکە دەرکـرد، تـا شـارەکە لـە گرفتـی کـەم ئـاوی ڕزگار بـکات (٦٩).

هەمـوو ئـەو کارانـەی (بـۆداق سـوڵتان) لـە مـاوەی تەمەنـی دەسـەڵاتیدا، نموونـەی میـر و دەسـەڵاتدارێکی لێهاتـوو بـوو، کـە بـەو کارانـەی، نـەک هـەر ناوبانگێکـی بـۆ خـۆی و ناوچەکـەی دروست کرد، ناوچەکەیشـی لـە دێوەزمـەی شـەڕ دوورخسـتەوە، هـەر بۆیـە مـاوەی دەسـەڵاتی بـە باشـی بـاس کـراوە (٧٠)، تەنانـەت کـوڕ و نەوەکانی لەسـەر ڕێچکـەی باوکیـان ڕۆیشـتن و لـە پێشـکەوتنی زانسـت و ئاوەدانـی درێغییـان نەکـرد، تـا لـە کۆتایـی سـەدەی سـیازدەیەمی زایینـی کۆتایـی بـە دەسـەڵاتیان هـات (٧١).

## نێوان بۆداق سوڵتان و سەفەوییەکان

سـەردەمی فەرمانڕەوایەتـی (بـۆداق سـوڵتان) لەگـەڵ گەیشـتنی بـە دەسـەڵات، لەگـەڵ دەسـەڵاتداریەتی (شـا سـەفی یەکـەم) هـاوکات بـوو، کـە لەنێـوان سـاڵانی (١٠٣٩- ١٠٥٢ک/ ١٦٢٩ - ١٦٤١ز) فەرمانڕەوایەتـی دەوڵەتـی سـەفەوی کـرد (٧٢). بەپێـی چەنـد تۆمارێکـی مێژوویـی (بـۆداق سـوڵتان) نێوانـی لەگـەڵ (شـا عەباسـی دووەم/١٠٥٦- ١٠٧٧ک/ ١٦٤٣ - ١٦٦٧ز) زۆر خـراپ بـووە، چونکـە ناوچەکـە کەوتـە بـەر هەڵمەتـی قزڵباشـەکان و تـاڵان و وێرانیـان کردبـوو (٧٣)، بـەڵام لـە سـەردەمی (شا سـولەیمانی سـەفەوی/ ١٠٧٨- ١١٠٥ک/ ١٦٦٧ - ١٦٩٤ز)دا نێوانیـان ئاسـایی بـووەوە (٧٤)، ئـەوەش دەرفەتـی دا، ئاهێـک بەبـەر ناوچەکـە و ژیانـی خەڵـک و فەرمانڕەواییەکەیـدا بێتـەوە.

## کۆتایی ژیانی (بۆداق سوڵتان) و شوێنگرەوەکانی

(بـۆداق سـوڵتان) دوای (٨٤) سـاڵ تەمـەن و (٦٧) سـاڵ فەرمانڕەوایەتیـی ناوچـەی موکریـان، دواجـار لەسـاڵی (١١٠١ک/١٦٩١ز) و لـە شـاری (سـابڵاخ) کۆچـی دوایـی کـرد و هـەر لەوێـش بەخـاک سـپێررا (٧٥). دوای خۆیشـی (مووسـا سوڵتان)ی کوڕی شـوێنی گرتـەوە و دوای ئەویـش (شـێخ عەلـی کـوڕی مووسـا سـوڵتان) چـووە شـوێنی (٧٦)، هەرچـی (کەریـم خـان)ی کـوڕی دووەمـی (بـۆداق سـوڵتان) بـوو، (دوو) کـوڕی بەنـاوی (مەجیدخـان و زوڵفەقارخـان) لـەدوا بەجـێ مـا (٧٧).

ئـەوەی مـاوە سـەرنجی بخەینـە پـاڵ ئەوەیـە، کە ڕێڕەوی دەسـەڵات دوای (شێخ عەلی مووسا سوڵتان کوڕی بۆداق سوڵتان) بۆ هەریـەک لـە (محەمـەد خـان کوڕی شـێخ عەلـی، بۆداق خـان کوڕی شـێخ عەلـی) بەجێ مـا (٧٨)، بۆیـە لەگـەڵ بەردەوامیـی دەسـەڵاتی میرانـی موکـری و پێگـە و ڕۆڵیـان لەسـەر سـەردەمەکەی خۆیـان، هیـچ یـەک لـەوان نەیانتوانـی شـکۆی ئـەو ماوەیـەی (بۆداق سوڵتان) بگێڕنـەوە، کـە لـە مـاوەی (٦٧) سـاڵی دەسـەڵاتیدا کاری لەسـەر کـرد (٧٩)، هـەر بۆیـە هیچیـان هێنـدەی ئـەو خـاوەن پێگـە و سـەنگ و ناوبانـگ نەبـوو.

### ئەنجام

لـە کـۆی ئەم لێکۆڵینەوەیە و دوای تاووتووکردنی چەنـدان سـەرچاوە بـە زمانـی (کوردی، عەرەبی، فارسـی، تورکـی) گەیشـتینە ئـەم ئەنجامانـەی

خـوارەوە:

١- (بـۆداق سـوڵتان) بـەراورد بـە زۆرینـەی میـر و سـەردارەکانی موکری، گەورەتـر و دیارتـر چـووە لاپەڕەکانـی مێـژووەوە، ئـەوەش بەهـۆی ئـەوەی، کـە سیاسـەتی شـەڕ و ململانێـی بـێ ئەنجامـی لەگـەڵ زلهێزەکانـی سـەردەمەکە بـە ئاشـتی گۆڕی و بـەو ئاشـتییەش توانـی زەمینـەی ئاوەدانییەکـی لەبـار و گونجاوتـر بـۆ ناوچـەی موکریـان و دەسـەڵاتەکەی فەراهـەم بـکات.

٢- ئەگـەر ئـەو وەک تێکـڕای میرەکانـی پێـش خـۆی ڕووی لـە ململانـێ و کێبڕکێـی سیاسـی بکردایـە، دوور نەبـوو ناوچەکـەی بخاتـە بـەردەم مەترسـییەکی گـەورە و لەبـری ئاوەدانـی و گەشەسـەندن، تاڵان و وێرانکاری شوێنی بگرێتەوە، هـەر ئـەوەش ئەویـان لـە کەسـایەتییەکی تەنیـا سیاسـییەوە، کـردە کەسـایەتییەکی (سیاسـی، ئابـووری، ئایینـی، کۆمەڵایەتـی، ئاوەدانـی).

٣- (بـۆداق سـوڵتان) ئـەو سـەردارەی موکریان بـوو، کـە توانی (سـابڵاخ- مەهاباد) لـە گوندێکەوە بکاتـە شـارێکی ئـاوەدان و هێزێکـی سیاسـی باشـتر بـۆ دەسـەڵاتەکەی بگێڕێتـەوە و هێزێـک بـە دەسـەڵاتدارانی دوای خۆیشـی بـدات.

٤- لەگەڵ ئەوەی (بۆداق سـوڵتان) دەسـەڵاتدار و سـەردارێکی دیـاری بنەماڵـە و ناوچەکـەی بـوو، کەچـی دوای خـۆی، هیـچ یـەک لـە کـوڕ و نەوەکانـی نەیانتوانـی ئـەو پێگـە و هێـزە بپارێـزن، بۆیـە هێنـدەی ئـەو ناویـان نەهـات.

**پەراوێزەکان:**

٤٣. بابانـی: س.پ، ل١٧٥، ڕۆژبەیانـی: س.پ، ل ١٧٥.

٤٤. ڕۆژبەیانـی: س.پ، ل٩٨، بابانـی: س.پ، ل ١٧٥.

٤٥. ڕۆژبەیانـی: س.پ، ل٩٨، بابانـی: س.پ، ل ١٧٥.

٤٦. قەفتان: س.پ، ل ٢٣٠.

٤٧. ڕۆژبەیانـی: س.پ، ل٩٨، بابانـی: س.پ، ل ١٧٥.

٤٨. د. سعد بشير اسكندر: س.پ، ل٨٦.

٤٩. حوسـێن نـازم بـەگ: س.پ، ٢٩، نازنـاز محەمـەد عەبدولقـادر: س.پ، ل٤٩

٥٠. ڕۆژبەیانـی: س.پ، ل٩٨، بابانـی: س.پ، ل ١٧٥.

٥١. قەفتان: س.پ، ل٢٣١.

٥٢. محمد امين زكي: مشـاهير، ١٤٢/١، حوسـێن نازم بەگ: س.پ، ل٢٧.

٥٣. محمد امين زكي: س.پ، ١٤٢/١.

٥٤. حوسێن نازم بەگ: س.پ، ل٢٩.

٥٥. نەوشـیروان مستەفا ئەمین: س.پ، لل١١١ - ١١٢.

٥٦. بابانی: س.پ، ل١٧٤.

٥٧. عمـاد عبدالسـلام رؤوف: مراكـز ثقافيـة مغمـورة فـي كردسـتان، الطبعـة الثانيـة، أربيـل، اقليـم كردسـتان العـراق، ٢٠٠٨م، ص١٣.

٥٨. د.سعد بشير اسكندر: س.پ، ل٩٢.

٥٩. محمد امين زكي: مشـاهير، ١٤٢/١، ڕۆژبەیانی: س. پ، ل٩٨.

٦٠. محمـد امیـن زكـي: مشـاهير، ١٤٢/١، ڕۆژبەیانـی: س.پ، ل٩٨.

٦١. حەمەکەریـم هەورامی: مێژووی پـەروەردە و خوێنـدن لـە حوجرەکانـی کوردسـتاندا، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری - هەولێـر، هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق، ٢٠٠٨ز، ٣٢٦/١.

٦٢. محمد امين زكي: مشاهير، ١٤٢/١، مەلا محەممەد

عەلیاوەیی: ژیانی فەقێیاتی لە کوردستاندا، لە سەدەی ١٣و١٤ی کۆچیدا، پێشەکی: د. فوئاد مەعسووم، ئامادەکردن و ڕێکخستنی: د.عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، چاپی یەکەم، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٣ز، لل(٢٨ - ٣٢، هەورامی: س.پ، ٣٢٩ - ٣٣٠.

٦٣. محمد امين زكي: مشاهير، ١٤٣/١.

٦٤. محمد امين زكي: س.پ، ١٤٢/١.

٦٥. محمد امين زكي: س.پ، ١٤٢/١، ڕۆژبەیانی: س. پ، ل٩٨

٦٦. محمد امين زكي: س.پ، ١٤٢/١.

٦٧. محمد امين زكي: س.پ، ١٤٣/١.

٦٨. ڕۆژبەیانی: س.پ، ل٩٨

٦٩. ڕۆژبەیانی: س.پ، ل٩٨

٧٠. محمد امين زكي: مشاهير، ١٤٣/١.

٧١. محمد امين زكي: س.پ، ١٤٣/١.

٧٢. پیکولوسکایا و دیگران: س.پ، ل٥٥٧، پیرنیا و اشتیانی: س.پ، ل٨٦٢.

٧٣. پیگولوسکایا و دیگران: س.پ، ل٥٥٨، اشتیانی: س.پ، ل٨٦٢، ڕۆژبەیانی: س.پ، ل٩٨.

٧٤. بدلیسی: س.پ، لل٤٩٣ - ٤٩٤، پیگولوسکایا و دیگران: س.پ، ل٥٥٩.

٧٥. بابا طاهر: س.پ، لل٧، ڕۆژبەیانی: س.پ، ل١٠٣.

٧٦. بابا طاهر: س.پ، لل٧ - ٨ ، ڕۆژبەیانی: س.پ، ل٩٨.

٧٧. قەفتان:س.پ، ل٢٣١.

٧٨. ڕۆژبەیانی: س.پ، ل٩٨.

٧٩. قەفتان: س.پ، ل٢٣١.

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم: بەزمانی کوردی:**


ئەلحوسینی، عەلی ئەلنەقی/

١ - مێژووی (٦٤١) ساڵەی فەرمانڕەوایانی ئەردەڵانییەکان لە ناوچەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراندا، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئاسۆس هەردی، پیاچوونەوەی: حەسەن عەبدولکەریم، چاپی یەکەم، کۆمپیووتەر و ئۆفسیتی دەزگای سەردەم - سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٢ز.

بابان، شوکروڵڵا/

٢ - مێژووی کورد و کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان - سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٤ز.

بەگ، حوسێن نازم/

٣ - مێژووی میرایەتی بابان، وەرگێڕانی: حوسێن حەسەن کەریم و سدیق ساڵح، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان - سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠١٢ز.

خالفین، ا.ن. خالفین/

٤ - خەبات لە ڕێی کوردستاندا، وەرگێڕانی: جەلال تەقی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕاپەڕین - سلێمانی، عیراق، ١٩٧١ز.

ڕۆژبەیانی، محەمەد جەمیل/

٥ - فەرمانڕەوایانی موکریان، چاپی یەکەم، دار الحرية للطباعة والنشر - بغداد، عێراق، ١٩٩٢ز.

ساڵح قەفتان/

٦ - سێ لیکۆڵینەوەی مێژوویی، چاپی یەکەم، چاپخانەی چاپ و پەخشی دەزگای سەردەم - سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق، ٢٠٠٩ز.

سیڤری، راجر/

٧ - ئێرانی سەردەمی سەفەوی، وەرگێڕانی: سەلاحەددینی ئاشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان - سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق، ٢٠٠٦ز.

د. عەبدوڵڵا غەفور/
٨ - کوردستان دابەشی کارگێڕی تریتۆری (١٩٢٧ - ١٩٩٧)، چاپی دووەم، چاپخانەی ئۆفسیتی دێکان - سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٣ز
عەلیاوەیی، مەلا محەممەد/
٩ - ژیانی فەقێیاتی لە کوردستاندا، لە سەدەی ١٣ و ١٤ی کۆچیدا، پێشەکی: د. فوئاد مەعسووم، ئامادەکردن و ڕێکخستنی: د.عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، چاپی یەکەم، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٣ز.
د.کەیوان ئازاد ئەنوەر/
١٠ - چەردەیەک لە مێژووی کورد، چاپی حەوتەم، چاپخانەی چوارچرا - سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠١٣ز.
محەمەد ئەمین زەکی/
١١ - خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان - سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٤ز.
نازناز محەمەد عەبدولقادر/
١٢ - میرنشینییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە سەردەمی فەرمانڕەوایی قاجارەکاندا - لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، ڕامیاری، ئابوورییە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٢ز.
نەوشیروان مستەفا ئەمین/
١٣ - بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین - مێژووی سیاسی، چاپی یەکەم، دار العربیة للعلوم، ناشرون - بیروت، لبنان، ٢٠١٤م.
١٤ - کورد و عەجەم - مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران، چاپی دووەم، سلیمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٥ز.
١٥ - مێژووی میرایەتی بابان، وەرگێڕانی: حوسێن حەسەن کەریم و سدیق ساڵح، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان - سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠١٢ز.
نێکیتین، واسیل/
١٦ - کورد و کوردستان، وەرگێڕانی: خالیدی حیسامی (هێدی)، چاپی یەکەم، هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، ١٩٩٨ز.
هەورامی، حەمە کەریم/
١٧ - مێژووی پەروەردە و خوێندن لە حوجرەکانی کوردستاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری - هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٨ز.

**دووەم: بەزمانی فارسی:**
بابانی، عبدالقادر رستم/
١٨ - سیر الاکراد در تاریخ وجغرافیای کردستان، بە اهتمام: محمد رئوف توکلی، چاپ دوم، چاپخانە گلبانگ - ایران، ١٣٧٧ه.ش.
بورپ، أدموند/
١٩ - سلسلەهای اسلامی، ترجمە: فریدون بدرای، چاپ اول، تهران، ایران، ١٣٦٣ه.ش.
پیرنیا، حسن و عباس اقبال اشتیانی/
٢٠ - تاریخ ایران - از اغاز تا انقراض ساسانیان از صدر اسلام تا انقراض قاجاریە، چاپ دوم، انتشارات میلاد - تهران، ایران، ١٣٨٥ه.ش.
پیگولوسکایا و دیگران/
٢١ - ایران از دوران باستان تاپایان سدە هجدهم، ترجمە: کریم کشاورز، چاپ پنجم، أنتشارات پیام - چاپخانە مروی، تهران، ایران، ١٣٦٣ه.ش.
جعفری، ریحانە/
٢٢ - استانهای ایران - کاتبی برای تحقیق

دانش اموزان، چاپ دوم، انتشارات خشايار – تهران، ايران، ١٣٨٢ه.ش.
دريايى، دەريايى/
٢٣ – شاهنشاهى ساسانى، ترجمه: مرتضى ثاقب فر، چاپ پنجم، انتشارات ققنوس – تهران، ايران، ١٣٩٠ه.ش.
فخر الكتاب، ميرزا شكرالله سنندجى/
٢٤ – تحفه ناصرى در تاريخ و جغرافياى كردستان: مقابله وتصحيح وحواشى وتعليقات به انضمام پنج مقاله درباره قبايل كرد: د. حشمت الله طبيبى، چاپ دوم، انشتارات امير كبير – تهران، ايران، ١٣٧٥ه.ش.
قديانى، عباس/
٢٥ – تاريخ فرهنگ و تمدن در ايران در دوره ساسانى، چاپ چهارم، انتشارات فرهنگ مكتوب – تهران، ايران، ١٣٨٧ه.ش.

**سێیەم: بەزمانی عەرەبی:**
البدليسي، شرفخان/
٢٦ – الشرفنامة، ترجمة: محمد جميل الملا احمد الروزبياني، الطبعة الثانية، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر – اربيل، اقليم كردستان العراق، ٢٠٠١م.
د. سعد بشير اسكندر/
٢٧ – قيام نظام الامارات في كردستان وسقوطه ما بين القرن العاشر ومنتصف القرن التاسع عشر – نبذة تاريخية عن اهمية السياسة وارثه الثقافي، تقديم ماموستا جعفر – فاضل كريم محمود، الطبعة الثانية، مطبعة شفان – السليمانية، اقليم كردستان العراق، ٢٠٠٨م.
عبدالسلام رؤوف/
٢٨ – دراسات وثائقية في تاريخ الكرد الحديث وحضارتهم، الطبعة الاولى، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزيع – دمشق، سورية، ٢٠١١م.
محمد امين زكي/
٢٩ – مشاهير الكرد وكردستان، اعداد: رفيق صالح، الطبعة الاولى، مطبعة شڤان – السليمانية، اقليم كردستان العراق، ٢٠٠٥م.

**چوارەم: بە زمانی تورکی:**
شمس الدين سامى/
٣٠ – قاموس الاعلام، الطبعة الاولى، بولاق – القاهرة، مصر، ١٢٤٨م.